## هاورێیانی کۆنگرەی ( هەڵوێست ) لەسەر دەستوری عێراق سلاّوی ماندو نەناسانەتان لێبێت و دەستەکانتان بە توندی دەگوشم :

سەرەتا پیرۆزبایی و دەستخۆشی ئەو هەڵوێستەتان لێدەکەم بە هیوام هەنگاوی باشترو دەستکەوتی سەرکەوتوانەی جێی ئومێدی خەڵکی کوردستانی بەدوادا بێت کە چەندین ساڵە جەستە وخەونەکانی جینۆساید ئەکرێت دەمێك بەدەست دوژمنانی مۆڤایەتی کە شۆڤێنیست و فاشستەکانن ، دەمێکیش بەدەستی ئەوانە خۆیان کردۆتە دەمڕاستی و ساتو سەودا و دەستی دەستی بە چارەنوسیەوە ئەکەن ...
بەو هیوایەم کە خەڵکی کوردستانیش لەژێر پەرچەمی داخوازی و هەڵوێستاندا کۆبێتەوە بۆ ووتنی (نا) بۆ ئەو دەستورە سەرتاپا شۆڤێنی و کۆنەپەرستە ، ئەم هەنگاوە بڕێك درەنگ بوو بەلاّم کات ماوە جەماوەر بڕیار بدات لە بەشێك لەو سیناریۆ رەشەی بۆ چارەنوسی ئامادە کراوە .
هەر بژین و سەرکەوتوبن
بژی ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە پێناو دیاریکردنی چارەنوسی خۆی

أكرم محمد ( ئەکرەم چاوشین )
2005/10/1